KURDISTAN REPORT
SOCIAL POLITICAL DAILY NEWSPAPER
16 لاپەڕە، 500 دینار | Tue -28 Oct 2008 | No. 528 | www.kurdistanreport.com

# دەنگ

## یاسای فرەژنی شەرمێکی هاوچەرخە

سدیق حەسەن شوکری

ماوەیەکە گفتوگۆیەکی چارەنووسناساز لەسەر کێشەیەکی چارەنووسسازی فرەژنی کرا. سەرەنجام بڕیارلەسەر فرەژنی درا، ئەو نیعمەتە خواییەی کە دەقە پیرۆزەکان بە پیاوی دەستڕۆیشتووی بەخشیوە، یاسای کوردستانیش پەسەندیکرد. پیاو هەرگیز ئەم نیعمەتە لە دەســت خۆی نادات، لەوانەیە هەندێک پیاو هەشــبن؛ ئەمە بەلادان لە پیرۆزمەندییە خواوەندییەکان بزانن، ئەگەر لە پێناویشیدا شەڕیش بکات، دەگاتە مەقامی شەهادەت.

فرەژنی یەکێکە لە خەســڵەتە کۆنە کۆمەڵایەتییەکان، کە چەند ئەگەرێکی هاتنە کایەی هەن؛ یەکەمیان پیاو خۆی خاوەنی هەموو شــتێکە، ژن تەنیا وەک نیعمەتێکی هەوەس و رابواردنی پیاوە، تیایدا توانای جنســی و ماڵیی پیاو فاکتەری ســەرەکییە، بۆیە ئەو پیاوانەی کە رەوشــی ماڵییان باشبووە، هەوەسبازی باشــیش بوونە، ئیدی ژن بووەتە موتعەیەکی هەوەسی ئەو پیاوانە، نەک هاوبەشی ژیان و سەروەتیی بووە. دووەمیان پیاوە باڵادەست و دەستڕۆیشتووەکان، ویستوویانە ببنە خاوەنی دەسەڵاتێکی زێدەتر بەسەر خێڵ و عەشیرەتدا، بۆ ئەمەش منداڵی زیاتری پێویستە، کەواتە دەبێ ژنی زیاتریشی هەبێت. ســێیەمیان لەبەر ئەوەی هەمیشــە ژن بێهێزبووە، لەشەڕەکاندا کەمتر توانیویەتی خۆی بپارێزێ، ناچار خۆی داوە بەدەست پیاوەوە، سیستەمی ژیانی کۆیلایەتیی قەبووڵکردووە. چوارەمیان لەبەر ئەوەی ژن فیزیکیی زووتر لە پیاو تێکدەچێت، بەتایبەتی لە سەردەمە کۆنەکاندا، ژن پێویســتیی بە پاراستنی زیاتری هەبووە لەلایەن پیاوەوە، ئەمەش بووەتە هــۆی ئەوەی کە ژن خۆی بخاتە ژێر ســێبەری پیاوێکی بەهێــز. تەنانەت بووە کە لە (مەحرەم)ی پیاوێکی دەســەڵاتداردا بە دەیان و ســەدان ژن تەنانەت بۆ رابواردنی پیاو تێیدا بەندکرابوونە. ســەرچاوەی فرەژنی لێرەوە هاتووە. باشە؛ ئەم فرەژنییەی ئێستا چ جیاوازییەکــی لەگەڵ ئەمانەدا هەیە، ئینجا لە (مەحرەم)ی ئەم پیاوەدا چل ژن هەبێت، یاخــود چــوار ژن. بە درێژایی رەوتــە مێژووییەکان، ئەمە بووە بــە دەقێکی پەرتووکە پیرۆزەکانیش. بەپێی ئایەتە پیرۆزەکانیش ژن بووەتە موڵکی پیاو، تاکو ئێستا ژن وەک پیاوێک لە بەردەم دۆزگەردا بە شــاهید قەبــووڵ ناکرێت، لە میراتدا ژنێک بەنیو مرۆڤ هەژماردەکرێت، لە شووکردنیشــدا بە چارەکە مرۆڤێک بەراوردی بۆ دەکرێت. ئەی باشە؛ ئەو خوشــکە بەرێزانەی ئەندام پەرلەمانی کوردســتان، لە لایەن ئەندام پەرلەمانە پیاوە بەرێزەکانەوە، چ بەراوردێک بۆ ئەم ژنە پەرلەمانتارانە دەکرێت. ئایا هەژماری نیوە یاخود چارەکە پەرلەمانتارێکیان بۆ دەکەن، چونکە ژنن. فرەژنی شتێکی هاوچەرخ و پێشکەتوو نییە، هەرچی بیانوویەکی بۆ دێننەوە، بێننەوە؛ ئەم فرەژنییە لە کۆشک و تەلاری سوڵتان و ئیمپراتۆرەکان و فیرعەونەکانەوە بە (میراس) بۆ پیاوە دەوڵەمەندەکان ماوەتەوە. ئەمە دیاردەیەکی پاشڤەرۆیەتی کۆمەڵایەتییە، ئەگەر پەرلەمانیش ئەم فرەژنییە دەکاتە یاسا، نابێت لافی کۆمەڵگەی مەدەنی لێبدات، چونکە مافی نیوەی کۆمەڵگەی پێشــێلکردووە، لەوانەی هەندێک کەس فرمێسکی تیمساح ببارێنن و بڵێن: ئەمە بۆ خاتری قەیرەکانە، ئەمە دیماگۆژییە. با دەوڵەت ژیانی قەیرە و بێسەرپەرشتان بگرێتە ئەستۆ، با ببێتە دەوڵەتی سۆسیال، با نەبێتە دەوڵەتی گەندەڵی یەکەمی جیهان. ئەمە، یاسایەکی پێشکەوتوو نییە، یاسای دیکەش بەدوایخۆیدا دێنێت. هەبوونی رێسایەکی کۆمەڵایەتیی کەڤنار بەمشێوەیە دەیکەن بە یاســا! کەواتە نابێ بانگەشەی پێشکەوتن، لیبراڵیزم، ئازادی و دیموکراسی بکەین، یاســای فرەژنی شەرمێکی گەورەی هاوچەرخە بۆ ئێمە. گەنجانی ئەم وڵاتە نەک چوار ژن، یەک ژنیشیان پێناهێنرێت، کەواتە یاساکە بۆ چییە. ئەگەر تەنیا بۆ خاتری چەند کەســێکی دەوڵەمەندی موحافزکارە، خۆ ئەوان گوێ بە یاسا نادەن، یاسا هەبێ و نەبێ ئەوان ئەوەی بیانەوێت، دەیکەن. باشە، ئەم عەیبەیە بە خەڵکی کوردستان بۆ دەکەن!!

---



# کەژاڵ ئادەمی:
# ستایل شێوازێکە هونەرمەند هونەرەکەی پێ دەخوڵقێنێ

*یەکێک لەو ژنە میوزیســیان و گۆرانیبێژانەی کە بەســتایلێکی تایبەت بە خۆی گۆرانی دەچڕێت و سیمای ئەکادیمیی و زانستیی میوزیکی بــە بەرهەمەکانیەوە دیارە، خاتونی گۆرانیبێژ(کەژاڵ ئادەمی)یە.*

**دیداری: شۆڕش محەمەد حسێن**

ئــەم خاتوونە ســەبارەت بە خۆی و چونەنێو دونیــای هونەر و میوزیک و گۆرانی و سەرەتاکانی کاروانی هونەری دەڵێ:"من کەژاڵ ئادەمی لەدایکبووی شاری سەقز لە رۆژهەڵاتی کوردستان. (25)ســاڵ لەمەوپێش لــە ئامێزی دایک و باوکێکی شۆڕشــگێڕدا چاوم بە رووی دونیا هەڵهێنا. دایک و باوکم لەبەرئــەوەی نەیاندەتوانی زوڵم و زۆر و ژێردەســتبوونی نەتەوەی کورد لە ئێراندا قبوڵبکەن تێکەڵی شۆڕش بوون و چونە ناو ژیانی پێشــمەرگایەتی لە چیاکاندا. ئیشی سیاسی دایک و باوکم بووە هۆی هەڵبژاردنی ژیانی تاراوگە. ســاڵی 1998 رەوانــەی هەندەران بووم و لەوڵاتی سوید نیشتەجێبووم. لەبواری خوێندندا لە زانکۆی ستۆکهۆڵم کۆمەڵناســیم خوێندووە و ئێســتاش هەر لەم زانکۆیەدا سەرقاڵی خوێندنی (مێژووی مۆسیقا)م پەیوەندی مۆسیقا لەگەڵ سیاسەت و کاریگەری ئەم دووانە لەســەر یەک. یەکەم هەنگاوی من بۆ دونیای هونەر لەتەمەنی 8ساڵاندا بوو، لەو تەمەنەدا دەســتم بە خوێندنەوەی دیوانی شــیعری مامۆستا قانیع کرد، لەگەڵ ئەوەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان خوێنــدن و نووســینی کوردییان لە قوتابخانە لــێ قەدەغەکردبووین، من خوێندن و نووسینی زمانی دایکی خۆم لە شــیعرەکانی ئەو مامۆستا نەمرەوە فێربووم. حەز و خۆشەویستییەک کە بۆ شــیعر لە ناخمدا بــوو منی بەرەو نووســینی شــیعر هاندەدا. هەر لەو تەمەنی منداڵییەمەوە هەستی خۆم بە نووسینی شیعر بەیاندەکرد و لە تەنیایی و خەڵوەتی خۆمدا شیعرەکانم دەکردە گۆرانی و لە سەر شریت تۆمارم دەکرد. هەنگاوی دواییم بۆ دونیای پاکی هونەر بە ژەندنی ئامێــری کەمان (ڤیۆلۆن) بوو. لە تەمەنی 16ســاڵاندا دەستم بــە ژەندنی کەمان کــرد لە مەکتەبی مۆسیقای سەبا، لەخزمەتی مامۆستا عەلی شەکوری.

هاوکات تیشکم خستە سەر فێربوونی تیۆری مۆســیقا. کاتێ مامۆســتا بۆ یەکەمجار گوێی لــە گۆرانی وتنم بوو پێشــنیاری پێدام شــیعرەکانی خۆم بەشــێوەی گۆرانی بەگوێی جەماوەر بگەیەنم. ئاوا بوو کە هەنگاومنایە نێو دونیای گۆرانیبێژییەوە.

ساڵی 2006 یەکەم بەرهەمم بەناوی جوانترین وشــە، پێشکەشی جەماوەر کــرا کە پێکهاتبوو لە 6گۆرانی کە لە هۆنراوەکانی خۆم بوو".

**کوردســتان راپۆرت:** کــەژاڵ بە ســتایلێکی تایبەت گۆرانی دەچڕێ، تاچەند هەبوونی ستایل و تایبەتمەندی بۆ هونەرمەند پێویستە؟

**کەژاڵ ئادەمی:** ســتایلی تایبەتی هونەرمەندە کە ئیشــە هونەرییەکانی نەمــردەکات. گــەر چــاو لەمێژووی هونەرمەندان بکەین دەبینین ئەوانەی کە لەســتایلێکی تایبەتی مۆســیقا بەهرەمەند بوون بەرهەمەکانیان نەمر و بەردەوام لە دنیای ئەمڕۆشدا هۆگری خۆی هەیە. دەبێ بزانین پێناســەی ستایلی تایبەتی مۆسیقایی لای ئێمە چییە؟. ســتایلی مۆســیقا دەتوانین بڵێین شێوازێکە هونەرمەند هونەرەکەی پێ دەخوڵقێنێ.

بەبۆچوونی من ســتایلە جیاوازەکانی مۆسیقای هەر نەتەوەیەک کاتێ دەتوانن جێگای خۆیان لە گۆڕەپانی هونەری ئەو نەتەوەدا بکەنەوە کە فانتازیا و نوێکاری هونەرمەند لە چوارچێوەی مۆســیقای نەتەوەیــی خۆیدا بێت. هونەرمەند بۆ بەرەوپێشچوون و گەشەکردن پێویستە ســتایلی تایبەتی خۆی هەبێت. بەڵام ئەوەش نابــێ لەبیربکەین خوڵقاندنی ستایلێکی تایبەت ئیشێکی ئاسان نییە بۆ هونەرمەند و بەتایبەت بۆ گۆرانیبێژ. بەشــێکی زۆری ئەرکــی خوڵقاندنی ستایلە نوێکانی مۆسیقا لەسەرشانی موزیســیەن و ئامێرژەن و ئاوازدانەرە و ئەم خوڵقاندنە دەبــێ زانیارییەکی تێروتەسەل و پڕی لەپشت بێت.

**کوردستان راپۆرت:** ئاستی ئەمڕۆی هونەری گۆرانــی و میوزیکی کوردی چۆن دەبینی؟ زۆرێــک پێی وایە کە هونەری گۆرانی و میوزیکی کوردی بە قۆناغێکی هەستیار و نشێوییەکی گەورە و قەیرانێکی گەورەدا گوزەردەکات؟ تۆ دەڵێی چی؟

**کەژاڵ ئادەمــی:** وەڵامــی روون بــۆ ئەم پرســیارە کەســێ دەتوانێ بیداتەوە کە شــارەزایی تێروتەسەلی هەبێــت لەســەر هەمــوو بوارەکانی مۆســیقای رەسەنی کوردی و مێژووی مۆســیقای نەتەوەکەمان و هەموو ئەو گۆڕانکارییانــەی لە ســەدەی کۆتایدا بەسەر مۆسیقای ئێمەدا هاتووە.

بۆچوونی کــەژاڵ ئەوەیــە کە ئەگەر بەگشتی چاوخشــاندنێکمان هەبێت بەسەر مۆســیقای ئەمڕۆماندا ناتوانم حاشا لەبەرەوپێشــچوونی مۆسیقای کوردی بکــەم، بەڵام هاوکات هەندێک سەرلێشێواوی لەدنیای ئاڵۆزی ئەمڕۆی مۆســیقای کوردیدا دەبینم. لەوانەیە هەڵەم نەکردبێ گەر بڵێم مۆســیقای کوردی لەزەمەنــی ئەمڕۆدا قۆناغێکی خۆتاقیکردنــەوە تێپــەڕدەکات و ئاواتی هەنگاونانە ئاستێکی بەرزترە. هونەرمەندی کورد بێزو بە خوڵقاندنی نوێکاری دەکات بەڵام هێشــتا لامان روون نییــە کام رێــگا هەڵبژێرین بۆ گەشیتن بەم ئامانجە.

**کوردســتان راپــۆرت:** تاچەند هونەرمەنــد و میوزیســیانی کــورد توانیویەتی بەشــێوەیەکی زانستیی و ئەکادیمیی کاری هونەری بکات؟ ئەی تۆ پێت وانییە کە نەبوونی پســپۆڕی و ئەکادیمییەت وایکردووە کە هونەری کوردی و میوزیکیی کوردی بەگشتیی لە پاشەکشەدا بێت؟

**کــەژاڵ ئادەمــی:** هونەرمەنمان هەیە کە لەبواری مۆســیقادا شارەزان و بەشــێوازێکی ئەکادیمــی بەرهەم دەخوڵقێنن کــە هیــوادارم ژمارەی ئەم هونەرمەندانــە لەداهاتوودا زۆرتر بێت. لەلایەکی تریشەوە هونەرمەندی ناشارەزاشمان هەیە. بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا لەگەڵ هەموو ئەوقازانجانەی کــە هەیەتی بەداخــەوە بووەتە هۆی ئەوەیش کە هەر کەسێک زانیارییەکی کەمیشی لەبواری مۆسیقا هەبێت زۆر بە ئاسانی دەتوانێ بە یارمەتی سەدان بەرنامە و پرۆگرامی کۆمپیوتەری ببێتە خوڵقێنەری بەرهەمێکی مۆسیقایی. من لەگەڵ ئەو وتەیەی جەنابتم کە نەبوونی زانیــاری ئەکادیمــی بــە دڵنیاییەوە دەتوانــێ ببێتــە هۆی پاشەکشــەی مۆسیقای کوردی.

---



# هونــەرە میللیەکانــی ســلێمانی لــە هەولێــر

**ئا: مەسعود ئیبراهیم مەلا هەمزە**

لە ئێوارەی رۆژانــی 26 و 27/ 10/ 2008 لەهۆڵــی میدیــای شــاری هەولێر، بەڕێوەبەرێتی هونەرە میللیەکانی ســلێمانی، چەندین تابلۆی میوزیکی و هەڵپەڕکێ و سەمایان پێشکەشکرد.

بە ئامادەبوونی هەریەک لە (فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و نیهاد لەتیف قۆجە قایمقامی ناوەندی هەولێر و مامۆســتا بەکر بەرپرسی مەڵبەندی سێی یەکێتی نیشتمانی کوردســتان) و جەماوەرێکی بەرچــاو و کەناڵەکانــی راگەیانــدن بەڕێوەبەرێتــی هونــەرە میللیەکانــی سلێمانی لەهۆڵی میدیای شاری هەولێر گەشــتێکی هونەری سەما و هەڵپەڕکێ و میوزیکــی کوردیان پێشکەشــکرد، کە بەرهەمــە هەڵپەڕکێییەکان خۆیان دەبینییەوە لە: (شیرین تەشی دەڕێسێ لە ئامادەکردن و راهێنانی عەبدولعەزیز مەجیــد و ئامادەکردنــی میوزیکــی خالید ســەرکار، قەرەج ئامادەکردن و راهێنانی لوقمان حوسێن و ئامادەکردنی میوزیکی زانا مەحمود هەژار، قەرەچووغ ئامادەکردن و راهێنانی ئازاد ســەعید و میوزیکی زانا مەحمود هەژار، دەروێش ئامادەکردن و راهێنانی بوشرا ئیبراهیم و میوزیکی زانــا مەحمود هەژار، هەرە گولــێ ئامادەکــردن و راهێنانی قادر کوردی و میوزیکی خالید سەرکار، خاک ئامادەکــردن و راهێنانــی عەبدولعەزیز مەجید و میوزیکی زانا مەحمود هەژار. هەروەهــا بەرهەمــە میوزیکییەکانیش پێکهاتبــوو لــە: (دەمەگری ئــاواز و هۆنــراوەی فۆلکلــۆر و میوزیکی زانا مەحمود هەژار و وتنی مەحمود محەمەد، وڵاتێ مە ئــاواز و هۆنراوەی فۆلکلۆر و میوزیکی زانا مەحمود هــەژار و وتنی ئاڤان جەمال، هەی نار ئاواز و هۆنراوەی فۆلکلۆر و وتنی عەبدولقادر حەســەن، لەرێی دڵداریدا ئــاوازی کەریم کابان و هۆنراوەی شــێخ ئەحمەد شێخ غەنی، میوزیکی محەمەد رەشــید شــەریف و وتنی زامبیا حەمە عەزیز، تروکە تروکەی بەفر ئاواز و هۆنراوەی فۆلکلۆر و وتنی دڵســۆز عوســمان کێمنەیی، پارچە مۆسیقای نەورۆز کە مۆسیقای مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی بوو. جێی ئاماژەیە کچ و کوڕانی سەماکەر لەو تیپە پێکهاتبوون لە: (ئاشتی ئیبراهیم، شنۆ عومەر، سۆما جیهاد، ئیرۆس ئارام، هێرۆ عەزیز، بەهرە دلشاد، لیزا ئارام، تەلار نورەدین، سۆلین جیهاج، محەمەد جەلال، لاوک ئەحمەد، ستران جیهاد، کامەران عەبدوڵڵا، ئاسۆ کەمــال، بوار جەلال، هۆگر نوری، هیوا ئەحمەد، چۆمــان عەبدوڵڵا)، هەروەها ئەو میوزیکژەنانەی وەک مۆســیقاژەن بەشــداربوون لەوکارانە بریتی بوون لە: (نیاز محەمەد عەزیز، یــادگار عەزیز، خەلیل عەبدوڵڵا، محەمەدئەمین حوسێن، ئومێــد مســتەفا، کاروان مەحمــود، ئیبراهیم نەجمەدین، نــەورۆز مەولود، سەروەر قادر).

---

# ئەو مێردەی نانسی لە چاو مەبەن

لەو ماوەیەی پێشــودا، کچە هونەرمەندی لوبنانی (نانسی عەجرەم) لە کچێنیەوە بوو بە ژنێکــی کاملأ، بەڵام بێ ئەوەیکە بزانین ئەم زاوا زێڕینەیە کێیە و رەنگی چلۆنە. ئەمەش وەک نەریتێک هەمووەم لەنێو هونەرمەند و ئەســتێرەکانی سینەمادا دەبینرێت، رەنگە لەبــەر ئەوە بێت کــە یا بە چاوەوە نەبــن و یا نەخوازن لە لا یــە ن راگەیاندنە رەزاقورسەکانەوە هەراسان بکرێن. نانسیش یەکێکە لەو خانمە شۆخ و شەنگانەی کە هەمووەم وەکو باپیــرم دەڵێت (زۆر دەترســم بەچاوەوە بێت)، ئەو ئەگەری داناوە کە نەکو چاوی پیس وە مێردەکــەی بکەوێت، تا ئەم نازدارە بێوەژن نەکەوێت، چونکە لە مەعاشەکەی ئەترسێت. ئەو وێنەیەش کە لێرەدایە، وێنەی مێردە تازەکەیەتی و ئەوە ئاشــکرا بووە دکتۆریشە. بۆیە دەڵێن خەنی لەخۆت نانسی کە درەنگ درەنگ چارەی یەکتری دەبینن و لە لایەکی تریشە وە دکتۆر خۆی دەرمانە.



---

# ئەناستاسیا ناترسێ

(Heavy Rotation) نــاوی تازەترین ئەلبوومی ژنە گۆرانیبێژی ئەمەریکــی (ئەناستاســیا)یە کە ماوەیەکی زۆرە لــە گۆرانی دابڕاوە و لە شاشەی تیڤی یە هونەریەکان ونبوو بوو، بەو ئەلبوومە کە لە 12 گۆرانی پێکهاتووە جارێکی تر خۆی دەخزێنێتەوە نــاو جیهانی گۆرانی (پۆپ رۆک)، ئــەم گۆرانیبێژە کە تەمەنی40 ســاڵە بۆ یەکەمجار لــە ســاڵی 1999 وەک گۆرانیبێژ دەرکەوت کاتێک کە لە پێشبڕکێیەکی گۆرانیدا بەشــدار بوو و توانی لەو کاتەوە ســەرنجی کۆمپانیا هونەرییەکان و شارەزایان لەو ستایلە بۆلای خۆی راکێشێ ئیترلە هەمان ساڵدا یەکــەم ئەلبوومی خۆی بەرهەمهێنا وهەریەکــە لە گۆرانیەکانــی (Left Outside Alone) و (Sick-n-Tired) لەگــەڵ بڵاوبوونەوەیــان بــۆ لوتکــەی پێشــبڕ کێکا ن سەرکەوتن، لە ساڵی 2003 و لەوکاتەی کــە (ئەناستاســیا) لــە گەرمــەی کارە هونەریەکانــی دابــوو دکتــۆرەکان پێیــان راگەیاندتووشی‌نەخۆشی شــێرپەنجەی ســینگ هاتووە، بەڵام بێ ئەوەی کەس هەســت بکات کە نەخۆشە ئەم هەر بەردەوام بوو لــە گۆرانی گوتن تا توانی بەســەر نەخۆشییەکەشیدا زاڵبێت.



و: ئەڵوەند رواندزی

---

# فیستیڤاڵی هیوای سینەمایی

**ئا: ب. رۆشنبیری**

لەرۆژانــی 25تاوەکو 31ی ئەم مانگــە چالاکییەکانی فیستیڤاڵی (هیوا)بۆ سینەمای عەرەبیی و ئەورووپــی لــە شاری ســانتیاگۆ دو کومبوستیلا لە وڵاتی ئیســپانیا دەستپێدەکات. ئەم فیستیڤاڵە دامــەزراوەی (ئاراگۆنی)دای مەزرانــدووە بۆ ناساندنی بە رهە مــە نو ێیە کا نی سینە ما ی عەرەبیــی، و دروســتکردنی پردێکی رۆشنبیری و هونەری لەنێوان پیشەسازی سینەما لە جیهانی عەرەبیی و ئیسپانیا، و خوڵقاندنی تەرزێک لــە کارلێککردن لەنــێ‌ان دوو رۆشنبیری‌لەرێگەی زمانی سینەماوە.




ئەم فیســتیڤاڵە لە خولــی حەوتەمــی پارســاڵدا زیــاد لە 47بەرهەمی‌پیشکەش کــرد و خەڵاتەکانــی فیستیڤاڵی ناوبراویش بریتیــن لــە :"خەڵاتی باشترین فیلمی ریوایی کە بەهاکەی 5000یۆرۆیە، خەڵاتی باشــترین فیلمی دیکۆمێنتــی بــە بەهــای 3500یۆرۆ، خەڵاتی باشترین فیلمی ریوایی کورت بــە بەهای 1200یۆرۆ، خەڵاتی باشترین فیلمی دیکۆمێنتەری کــورت بــە بەهــای 1200یــۆرۆ، خەڵاتی باشــترین دەرهێنان بە بەهای 4000یۆرۆ، خەڵاتی بینەران بە بەهای 1500یۆرۆ وەک چۆن خەڵاتی باشترین ئەکتەری کوڕ و کچیش دەبەخشرێ.

لەخولی ئەمســاڵی فیستیڤاڵەکەدا کە خولی هەشــتەمە نزیکــەی 32فیلم بەشــداری دەکــەن کــە لەملمانێی بەدەستهێنانی خەلاتەکانی فیستیڤاڵن، و لیژنەی داوەری فێتیڤاڵەکەش پێکهاتوون لە هەریەک لە :"ماجیدە واسف-سەرۆک و دەرهێنەر عەباس ئەرناووت و باسل رمسیس و بلانکۆ لوکاس و ئیدواردجالینا و ئەلیخاندرۆ بار ریرومالمۆ".